# سەدام لەزمانی دۆستە یۆنانی یەکەمەوە

و. کاروان محەمەد تەیب

دوای لە سێدارە دانی و نەمانی لە ژیاندا (سەدام حسین) هێشتا هەر لە ژیان بە ناوەکەیو کارەکانیو هەڵسوکەوتەکانیو هەروەها بەمێژووەکەی (پارا سولا لامبسوس) ژنێکی یۆنانی یەوە یەکێك بوو لە دۆستەکانی سەدام حوسین وە بۆماوەی چەندین ساڵ لە گەڵیدا ژیاوە ,هەروەك خۆی باسی ئەكات زۆر زۆر لێی نزیك بووە وە لە كۆشكو پالأسە نهێنسیە جۆر بەجۆرەکانی ماوەتەوە لەگەلیدا بە شداری ترسو خۆشیەکانی کردوە ,پارا سۆلای تەمەن ٥٤ ساڵ لە میانەی چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵێکی تەلە فزیۆنی ئەمەریکی باسی لە بیرەوەرییەکانی خۆی کرد لە بارەی مێژووی عێراق ,هەروەها پەیوەندی نێوان خۆی سەدام بۆ ملوەی (٣) ساڵ .

هەروەك پارا سۆلا باسی ئەكات هیچ چاریەکم لەبەردەمدا نەبوو نەم ئەم ئزانی بۆ کوێ بچم. کەس نەیئەتوانی لەرووی سەدام حوسێنەوە بوەستێتو موخلەفەی فەرمانەکانی بکات. بەلأم پاشان من لەرێی حزبی (کۆنگرەی عێراق) توانیم لە عێراق هەڵبێم .

-کەی بۆ یەکەم جار سەدام حسێنت بینی ؟

لە ساڵی ١٩٧٦ بۆ یەکەم جار چاوم بەسدام حسین کەو ئەو کات من گەنج بووم و تەمەنم١٩ ساڵ بوو لەگەڵ باوکم هاتبوینە بەغداد .لەوکاتەدا سەدام تەمەنی ٣٠ ساڵ بوو ,وە ژیانی هاوسەرێتی پێکهێنابوو .هەر لەو ساتەوە سەدام کۆنترۆڵی هەستمی کردو کەوتمە خۆشەویستی لەگەڵی سەرەڕای ئەوەی کەشوم کردبوو پاشان پەیوەندی خۆشەویستی درووست بوو لە نێوانماندا بۆ ماوەی چەندین ساڵ .هەروەك من یەکێك بووم لە کۆمەلێك کە بریتی بوو لە سێ ژنەکەیو پێنج ژنی تر ,بەلأم خۆشەویسترین کەس بووم لای سەدام و پەیوەندیەکەمان بەشێوەیەکی نهێنی بوو.

دوای ئەوەی لە کۆتایی حەفتاکاندا سەدام بەهۆی کودەتایەکی خوێناوییەوە دەسەلأتی گرتەدەست .وەك پاراسولا ئەڵێ لەو کات بۆ یەکەم جار درندەی سەدامم بۆ

دەرکەوت کە مێردەکەمی ناچار کرد عێراق بەجێبهێلێت ,پاشان ئیدیعایەی ئەوەی کرد کە پاراسۆلا تەلاق دراوە ,ئەویش بەبەڵگەی ئەوەی کە پیاوەکەی وون بووە ,هەروەها ئەڵێ کاتی "تەلاق نامەکەمم وەرگرت زۆر گریام و لەوکاتەدا سەدام ئاماژەی بۆ کردم داوای لێ کردم کەپێکەوە بچینە دەرەوە ,کاتێ کە پرسیارم کرد بۆ کوێ بچین بۆ کوێ ووتی ئەچین بۆ کێلگەیەکی تایبەت ,هەروەك ژیانی ١٤ ساڵی دواتری خۆی لە بەغداد بە (ژیان لە بەندینخانەیەکی گەورە ) وەسف ئەکات ئاماژە بەوە ئەکات کە سەدام خاوەنی ٥٠ کۆشكو پالآس بووە هەمویشیان جێگەی تایبەتی بۆ کراوە لەژێر زەویدا بۆئەوەی پارێزگاری لە خۆی بکات لە کاتێکدا کە هێرش بکرێتە سەری هەروەك باسی ئەکات ئەو شوێنەی سەدام حسێنی لێ دائەنیشت و ئەمایەوە ئەساسەکەی بە شێوازێکی زۆر تایبەت ڕازێنرا بوویەوە

**-وەك ئەوتریَ تۆ پەیوەندی هاورێتیت هەبوە لەگەڵ هاوسەرەکانی سەدام ؟**

بەڵێ بەراستی ئەوان پەیوەندی منیان ئەزانی لەگەڵ سەدام هەروەها ئەوان راهاتبوون لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا .

**-ئایا ناچاری ئەکردی تاوەکو کاری سێکسی لەگەڵدا بکەی ؟**

سەدام پێویستی بەوە نەبوو کەس ناچار بکات ,چونکە ترسان لێی وای لەدەوروبەرەکەی ئەکرد کوێرانە فەرمانەکان بکەن کەسیش جورئەتی ئەوەی ئەوەی نەبوو قسە لە قسەیدا بکات لە راستیدا من لەبەر ئەوە لەگەڵ سەدامدا بووم ,لەگەڵ ئەوەی کە لێی ئەترسام بەڵێ ئەمری واقع بوو ناچار بووم فەرمانەکانی جێ بەجێ بکەم جا کاری سێکسی بوایە یان هەرشتێکی تر ,

هەروەك لێی زانراوە سەدام زۆ:ری حەز بە ئازاردانو کوشتنی نەیارەکانی خۆی ئەکرد لەم بارەیەوە پارا سۆلا دەڵێت :سەدام حوزی لە سەیر کردنی دیمەنی کوشتنو ئازاردان ئەکرد بەو رادەیەی هەڵئەستا بەوێنەگرتنی ئەو دیمەنانە و پاشان چەندین جار سەیری ئەکردنەوە ,عادەتەن ئەگەر سەیری ئەو وێنانەی بکردایە مەشروباتی ئەخواردەوە و جگەرەی ئەکێشاو هەمیشەیش لەو کاتەدا کلاوێکی کابۆی لەسەر ئەکرد .کاتێکیش کە سەدام لە کویت شکستی خواردەوە شکاو هێزەکانی وە دەرنرا لەوێ ,وەك پاراسۆلا ئەڵێ لەو کاتەدا سەدام توشی شۆکێکی توند بوو ,تا ئەو پلەیەی کە سەدام ئەوەندە ئەگریا تا وای لێهات چاوی بەتەواوی سور بوو . لەو کاتەدا سەدام پێی ووتم

شکستم هێنا ,منیش پێم ووت لە چیدا شکستت هێنا وتی کوەیتم لە دەست چوو پاشان زۆر گریاو ووتی کوەیتیان لیٚ شەندمەوە بەلأم هەر داگیری ئەکەمەوە .

**-ئایا سەدام لەوە نە ئەترسا کە هێزەکانی هاو پە یمانان بەرەو بەغداد بجولێن بۆ گرتنی؟**

نەخێر بەڵکو دڵنیا بوو لەوەی کەشتی وا روو نادات .

**-بۆچی لە کاتی شەری کەنداو چەکی کیمایی بەکارهێنا ؟ ئایا هیچ ئەزانی لەو بارەیەوە ؟**

چونکە ئەیزانی جیهان هەر هەمووی چاودێری ئەکەن,بەلأم شتێك هەیە کەمن نازانم ئایا سەدام حسین چەکی چەکی ئەتۆمی هەبووە یان نا .سەدام هەڵئەسا بە گواستنەوەی چەکە کیمایەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر لە شەودا , ئەویش بۆ ئەوەی دەستی پشکنەرەکانی سەر بەنەتەوە یەگرتوەکان نەکەوێت .

جارێکیان گوێم لێبوو کە (عودەی ) باسی ئەو مەسەلەیەیان ئەکرد لەگەڵ باوکیدا (سەدام) هەروەها سەدام ئەوەی پیٚ راگەیاندم : کە ئەو رێگا بە پشکنەرەکان ئەدات کە بگەرێن , بەلأم دوا جار هیچ نادۆزنەوە .

لێرەشدا سەدام حسێن هەر وەك خۆی ئەی ووت لەم کارەیدا مەبەستی فریودانی نەتەوە یەکگرتوەکان گاڵتە پێکردنیان بوو .

**-ئەی لەبارەی ئوسامە بن لادنی سەرکردەی ( قاعیدە ) وە ؟**

من خۆم لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوو , بن لادنم لە یەکیٚ لە کۆشکەکانی سەدام بینی بەلأم ئەوەی جێگەی ئاماژەی پێدانە ئەوەیەعودەی پێی راگەیاندم کە باوکی لە ناوەراستی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو چاوی بە ئوسامە بن لادن کەوتوەو یارمەتی دارایی داوەتیٚ .

**- رای سەدام چی بوو کاتیٚ جۆرج بۆشی کوڕ لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی بردیەوە؟**

ووتی جۆرج بۆشیش وەك باوکی تاوانبارە

**- ئایا لە کاتەدا هەستی بە ترسو دوودڵی کرد ؟**

بەڵیٚ , ووتی هەست بە ترس دەکەم لە بەرامبەر بۆ شی کور ,سەدام وای ئەبینی کە بۆشی کور هەولٚ ئەدات لەسەر کار لای بدات و کۆتایی بەدەسەلأتەکەی بهێنیٚ .

**- ئایا سەدام راراو واس واسی بوو لە ترسی توش بوون بە نەخۆشی ؟**

بەڵیٚ ,هەموو کاتێك وای ئەزانی نەخۆشەو زۆریش لە تووش بوون بە نەخۆشی ئەترسا بە هۆی میکرۆبەوە , تا ئەو رادەیەی کە ئەگەر پێشوازی لە سێك بکردایە هەرگیز

رێگەی نە وەدا گۆنای ماچ بکەن ,هەروەك عادەتی وابوو کە شانیان ماچ ئەکرد .بەلأم لەگەلّ ئەوەشدا سەدام بەدەست چەند نەخۆشیەکی راستەقینەوە ئەی نالأند .بۆ نمونە جارێکیان تووشی نەخۆشیەکی توندی دلّ هات ,لەو کاتەدا ناردی لەکوباوە دکتۆر هات بۆ چارەسەر کردنی و من خۆم ئەو دکتۆرانەم دی .هەروەها سەدام هەموو بەیانیەك مەلەی ئەکرد ,هاوکات شیرو هەنگوینی ئەخوارد لە بەیانیاندا ,بەلأم خواردنی سەرەکی لەژەمە خواردنەکانی تر بریتی بوو لە گۆشتی ئاسك ,لێرەشدا سەدام بەتایبەتی ئەو ئاسکانەی بۆ بەخێو ئەکرا ,واشی دانابوو کە ئەو ئاژەلّە تەنها بۆ ئەو خەلّق کراوە , پاشان هەر خۆی یەکێك لەو ئاسکانەی هەلّ ئەبژارد تاکو بکرێت بەژەمە خۆراکێکی .

– **خواردنەوەی سەرەکیو پەسەند لای سەدام چی بوو ؟**

خواردنەوەی سەرەکی و پەسەند لای سدام بریتی بوو لە ویسکی .

–**ئایا سەر خۆش ئە بوو ؟**

نەخێر , ئەو هەمەیشە بەئاگا بوو ,هەروەها ئارەزووی زۆر سەیری هەبوو .خۆشترین فلیم بەلایەوە فلمی(the god father) بوو، بەلأم زۆر حەزی لە گۆرانی (strangers in the night)ی (فرانك سیناترا) ئەکرد.

– **ئایا سەدام بایەخی بەخۆی ئەدا؟**

بەلّیّ، سەدام تا بلّێی بایەخی بە خۆی ئەدا,تەنانەت ماسکێکی تایبەتی بە کار ئە هێنا تاکو ئەوچرچولۆچیەی دەموچاوی کەم بێتەوە ،هەروەها بەبەردەوامی قژەکەی بۆیاخ ئەکردوو جۆرە جلێکی زۆر ناوازەی لەبەر ئەکرد, کەلەلایەن دیزاینەری بەناوبانگی وەك (بیار کاردان )ەوە دیزاین کرا بوو. بەلأم هەر کاتیّ تورە ببوایە , لەو کاتەدا جلەکانی رەنگدانەوەی میزاجی ئەو بوو, کەهەلّئەسا بەلەبەر کردنی جلی سەربازی .

– **ئایا باسی هۆکاری تورەبوونەکەی بۆ ئەکردی ؟**

نەخێر ,بەلّکو داوای لێئەکردم کە لەو کاتەدا هەرگیز قسەی لەگەلّدا نەکەم ,هەروەها سەدام هەمیشە ئیدیعای ئەوەی ئەکرد کە ئەو لەوچەی محمەدی پەیامبەرە .هەندیّ جاریش نوێژی ئەکرد ئەویش تەنها بۆ فریو دانی خەلّك ,لە راستیدا ئەو باوەری نەبەخواو نە بەهیچ شتێکی تر ,جگە لە شەخسی خۆی وەك سەدام , نەبوو .سەدام هەر وەك هیتلەر تووشی نەخۆشی میگالۆمانیا ( megalomania) (شێتی گەورەی خوازی ) ببوو .

هەروەها کەس نەیئەزانی سەدام کەسەدام لە کویێ ئەمێنێتەوە و ئەخەوێ ,تەنانەت ئەندامانی خێزانەکەشی نەیان ئەزانی جگە پاسەوانە تایبەتو نزیکەکان نەبێت

هاوکات سەدام بەهەمان شێوەی نەیارەکانی تری ئەی ویست توندوو تیژی لە بەرامبەر (عودەی )ی کوریدا بەکار بهێنێ ,چونکە سەدام لەو باوەڕەدا بوو کە عودەی هەوڵی گەیشتن بەدەسەڵات ئەدا

**- سەدام حسین چۆن باسی عودەی ئەکرد ؟**

لەراستیدا عودەی هەمیشە کێشەی زۆر گەورەی دروست ئەکرد, من عودەی زۆر بەشەرنگێزتر ئەزانم وەك لە باوکی ,هەمیشە هر خەریکی ئیغتساب کردنی ئافرەتان بوو. جارێکیان کەتورەبوو نزیکترین راوێژکاری باوکی کوشت .هەروەها سەدام بەڵێنی دا عودەی کوری بکوژێت .جارێکیان ووتی من عودەی ئەکوژم لە بەڵێنی خۆ پاشگەز نابمەوە ,ئەویش لەبەرئەوەی سەدام وا هەستی ئەکرد کە عودەی لە ژێر کۆنترۆڵی دا نەماوە

**-ئایا لە بارەی هەواڵی تیرۆر کردنی عودەیەوە چی ئەڵێت ؟**

بەراستی زۆر دڵگران بووم کە عودەی لەو هەوڵەدا نەکوژرا بە زیندووە مایەوە تەمەنای ئەوەم ئەکرد کە خۆم عودەی بکوژم ,چونکە رۆژێکیان دەست درێژی سێکسی کردە سەر کچە تەمەن چواردە ساڵەکەم هەروەها چەندین کاری نامرۆی ئەنجام داوە ..